# ئیسلام دەبێ لە قەفەسدا بێت تا ئازادی رەها بێت!
ناسك ئەحمەد

nasikahmad2@yahoo.com

ژیانی ژنان لە شەرق پراو پری ووشەی تراژیدیا تراژیدیایە، تەواوی دنیا باسی ئەم تراژیدیا ئینسانیە دەکەن لە هەزارەی سێهەمدا. تەنانەت ئەو ژنانەی کە لە شەرقەوە روویان کردۆتە وولاتانی غەرب وئەوروپا کە ئەندازەیەك لە مافەکانی ژنانی تیا بەرقەرارە، ژیانیان هەر تراژیدیا وبێبەشیە.

لە وولاتانی شەرق بەتایبەت ئەو وولاتانەی کە ئیسلام تیایدا قانوون و ئایدۆلۆژیایە و حکومەت کۆمەڵگای ئەسیری ئەوئایدیۆلۆژیایە کردووە، لە جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی ئینسانەکاندا ژن پلەی سێیەم یان چوارەم لە وولاتدا وەردەگرێ، ئەمە ئەگەر وولاتانی خەلافەتی ئیسلامی کەنداو لەبەرچاو نەگرین. ژن خۆی خاوەنی خۆی نیە، بەلکو لە تەمەنە جیاوازەکانی ژندا خیزان، باوك، برا دەست بە دەست خاوەنداریتی ژن دەدەن بە یەکتری، تا لە دووا ڕۆژێکدا کە بۆیان داناوە دەگات بە میردەکەی.مێردەکەی ئیتر ئاخرین ئیستگای خاوەندارەتی ئەسلیەتی ، کچان و منداڵانی کچ بۆ ئەم خاوەنە بەخیۆ دەکرین و حازر دەکرین. لەم نیوەدا و لەم پرۆسەیەدا ئەگەر ژنان لە رێ لایان دا لێئەدرین، ئەشکە نجە ئەدرین، ئازار ئەدرێن ، زیندانی ئەکرین، ئەکوژرین، بەرددەباران ئەکرین.

نەك ژنانی ئاسایی کۆمەلگا کە ماڵەکانیان زیندانە بۆیان، بەلکو تەنانەت ژنانی قسەکەری نێو میدیاکان، میوانی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان، شەخسیات وکەسایەتیە ژنەکانی نێو دنیای ئەدەب و زانست ونووسەرەکان، کە باس لە رزگاری ژن دەکەن وبەڕواڵەت وەك لایەنگری مافەکانی ژنان وبێزار لەزوڵم وزۆری سەر ژنان خۆنیشان دەدەن و کۆلێك ئامۆژگاری پێشکەش ئەکەن، بەداخەوە خۆیان قوربانیان وکۆیلەن وپیویستە ئازاد بکرێن!. ئازاد بکرێن لە بەلای نامۆبوون بە خودی خۆیان، بە ئینسان و ئارەزووەکانی، رزگاربوون لە دین وخورافە، رزگاربوون لە ئیحساسی عەیبوونی ژن بوون ، رزگاربوون لەباڵادەستی ئەو بیروباوەرانەی کە مایەی کۆیلایەتی ژنە بەسەر بیرکردنەوە و هەلسەکەوتیانەوە!. موسیبەتی گەورەی ژنان بەتایبەتی و جەماوەری فراوانی خەلك بەگشتی باڵادەستی ئیسلامە وەك قانوون و بیروباوەریکی سەروو ئینسان وئاوپیداکردنیەتی لەلایەن دەسەڵاتەکان و رەوتی ئیسلامی سیاسی و سیاسەتی وولاتانی غەربەوە ولەسەرووبانەوە دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا . مانەوەی باڵادەستی ئیسلام بەسەر موقەدەراتی خەلکەوە و پیناسەکردنی وەك هەویەتی خەلك بۆتە تەوقیکی ئاگرین و لەگەردنی خەلکیان ئاڵاندووە، هەنگاویکی گەورە بەرەو رزگاری و ئازادی تەواوی ژنان و ئینسانەکان لەو وولاتانە رزگارکردن وپاککردنەوەی کۆمەلگایە لە ژەهراوی ئیسلام بە قانوون و ئەحکام و تیرۆریزم وحکوماتەکانیەوە...

له شەرقدا ئیسلام کە ئیدۆلۆژیای تەحقیر و ستەم وقیزەوونکردنی ژنە، تابۆیەکە و رەخنە گرتن لێی دەبێ بەهەزاران سەیتەرەدا بڕوات. بەشیکی زۆر لەوانەی کە دەم لە مافی ژن دەکوتن، نەیانتوانیوە لە بازنەی باڵادەستی دید وبۆچوونی ئیسلام سەبارەت بە ژن دەرچن. بەهۆی لەئارادابوونی مەدیکی جیهانی لەدیفاع لەماف وئازادی ژن، شەپۆلیکی رەخنەگرتنی گەورە لەخراپی هەلومەرجی ژیانی ژنان لەشەرقدا و تاوانبارکردنی ئیسلام لەم رووەوە. ئەمرۆ کەسانیکی زۆر پەیدابوون لەخودی شەرقدا بەشیوەی جۆراوجۆر هەوڵیانداوە خۆیان لە قەرەی باس لەمەسەلەی ژن بدەن. هاتنی ئەم رۆشنفکرانە بۆ نێو مەیدانی گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی ژن، نارەحەتی و نیگەرانیان نییە بەرامبەر ئەو تراژیدیایەی کە ژنان لە شەرقدا رووبەروی ئەبنەوە، لەخۆوەش نەهاتوون ئەم کارە بکەن و کتوپڕ چاویانکردبیتەوە یان تازە لە چەوسانەوەو زوڵمی سەر ژیانی ژنان ئاگاداربووبن. وەك ووتم مەسەلەکە لەئارادابوونی رەخنەیەکی بەهێز و سەتاپاگیرە کە کۆمەڵگای ئینسانی ئیسلام و رەوتە ئیسلامیەکان و حکومەتە ئیسلامیەکان وقانوونەئیسلامیەکانی لەمەڕ مەسەلەی ژن ڕووبەڕوو کردۆتەوە. بەشیکی زۆر لەمانە ئۆتۆماتیکی لە نیو ئیسلامدا بۆ سووچ و دەروازەیەك دەگەرین کە بتوانن لێوەی ئابروویەك بۆ دیدی ئیسلام سەبارەت بە ژن بهیلنەوە، تا جەهەنمێك کە ئیسلام بۆ ژیانی ژنانی داخستووە، بەباڵای دین وشەریعەتی ئیسلام نەگیرێ وبیخەنە ئەستۆی دەستەوتاقمی ئیسلامی،یان لەباشترین حاڵەتدا بیخەنە پای خراپ تەفسیرکردنی ئایەتەکان !. ئەمانە بۆ دیفاع کردن لە ئیسلام هاتونەتە مەیدان نەك بۆ دیفاع لە ژنان. بەشیکی تریشیان کە لەم بەشەیان رادیکالتر خۆدەنوێنن زۆر شەرمنوکانە و محافەزەکارانە دێنە مەیدانی رەخنەگرتن لە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی،بەلاّم لە نیوەی ڕێگا ناکام دەمێننەوەو ناتوانن رەخنەکەیان سەرتاپاگیر روو بە دین وئیسلام وشەریعەت بکەنەوەو شۆڕبنەوە بۆ نێو مەیلە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی سیاسی. ئیسلام بێبەری ئەکەن لە کردەوە قیزەوونەکانی ئیسلامی سیاسی، بە چاوی جۆراوجۆر ئەڕواننە گروپ و ئەحزابە ئیسلامیە سیاسیەکان، پۆلێنیان ئەکەن بۆ باش و خراپ !. بۆ تووند ڕەوو میانە ڕەو. ئەم بەشە زیاتر لە نیو شەخسیاتەکانی بزووتنەوەی ژناندا بەرچاو دەکەون. هەر ئەمانە سەبارەت بە منداڵ لییان بپرسی هەرچۆن دوواکەوتوون سەبارەت بەژن، سەبارەت بەمنداڵیش هەروا، منداڵ وەك ئینسانیکی تەواو و قابیلی ئیحترام وخاوەن شەخسیەتی خۆ چاو لێناکەن، سەبارەت بە ئازادی بیرەباوەر و عەقیدە و هەلسورانی سیاسی لێیان بپرسە لە چوارچیوەی دەسەڵات ، ناتوانن واوەتر تەسەور بکەن.

نەك تەنها بانگەواز بۆ ئازادی ئینسان وخەباتکردن لەم مەیدانەدا، بەلکو ئینسان گەر بیەویت خۆی ئازاد بیت و ئازادی و پیادەکردنی مافەکان بە خۆی ببرێ،بەر لەوە ئەبێ لە هەنگاوی یەکەمدا خۆی لە

دین و مەزهەب و هەر جۆرە خورافە و عەقیدەی بەندکردنی ئینسان رزگارکردبێ. ئینسانی کۆیلەی خورافە وئیسلام وقەوم وتایەفە ناتوانی تەلیسمی تابۆکان بشکێنێ و بانگەواز بۆ ئازادی ئینسان بکات.

ئازادی بەش بەش ناکرێ، خەباتکردن و بانگەوازکردنی ئازادی ئینسان بە پراو پری ووشەی ئازادی لە گرەوی رەخنەیەکی سەرتا پاگیر ودوور لەسازشە بەرامبەر بە تەواوی ئەو بیروباوەر وکردەوەو پراکتیکانەی کە ئازادی ئینسانیان لە قالب داوە. هەر ئینسانیك لە ئەلفەوە تا یای ئیسلام ودین وشەریعەت، یان هەر بیروباوەریکی تری پیاوسالاری ودژی ئینسانی نەخاتە ژێر رەخنەی قووڵی ئینسانی خۆیەوە، ناتوانی تیکۆشەر یان لایەنگر یان قسەکەری ئازادی ورەهایی ژن بێت. ئەو شەخسیات وکەسایەتی ولایەن و رۆشنبیرانە وەختیك قسەدەکەن و دەنووسن، ئینسان ناتوانێ لەوە تێبگات کە مەسەلەیان دیفاعکردنە لە مافی ئینسانی ژن و بەژێردەستەیی وبێ مافیان زەجر دەکێشن یان دیفاع لە کۆنە پەرستی دەکەن!. بەلکو تەنیا دەتوانی وەها تێبگەیت کەوەك پارێزەرێك خەریکن لەدادگای ئینسانیەتدا بەرائەت بۆ تاوانەکانی ئیسلام وشەریعەتی ئیسلامی بەهەرقیمەتێکە وەر بگرن و ئیسلام لەو مەئزق وئەزمەوناڕەزایەتیە قووڵە کە رووبەرووی ئەکریتەوە ڕزگار بکەن!. بۆیە بەهەزارو یەك شیوە تەبریر ئەهیننەوە بۆ بەربەریەتیك کە ئیسلام ونۆینەرانی ئەمرۆی بەسەر دوێنێ وئێستا وئایندەی ژیانی ژنان وئینسانەکاندا هێناویەتی ودەیهێنێ، پاساوئەهیننەوە بۆ کوشتوکوشتاریك کە لەرۆژهەلات ولەم ساڵانەی دووایشدا لەجەرگەی ئەوروپا وغەربدا بەرپیا نخستووە، وەختیك لییان دەپرسی بۆ وا دەکەن ئەلێن ئاخر ئەم کارەی لە شەرق دەکرێ بەرهەمی توندوتیژی غەرب وزوڵمیکە کە لەلایەن غەربەوە بەسەر خەلکی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا سەپاوە، بەم بیانووەوە تیرۆریزمی ئیسلامی پاساو ئەکەن تەنانەت چاویان نووقاندوە بەرامبەر ئەو تراژیدیایەی کە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی بۆ ژنانی خولقاندووە بەو هۆیەوەی کە ئیسلامی سیاسی لە جەنگدایە لەگەڵ (ئیمپریالیزم) غەربی ، چەپلە لێئەدەن بۆ تەقاندنەوە وتیرۆریزمیك کە حەماس و جیهاد و حزب اللەییەکان دژبە خەلکی مەدەنی ئیسرائیل بەرپیئەخات بە پاساوی داگیرکردنی زەوی فەلەستینیەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە یان بە پاساوی تیرۆریزمی ئیسرائیلیەکان. لەم نێوەدا جۆرەها ڕەوت ومەکاتب لە قووماشی پۆست مۆدێرنیزم وفیمینیزمی ئیسلامی وناسیونال فیمینیزم شکڵیان گرتووەو هەموو هەر خەریکن،مافەکانی ژنانی هەر وولاتە بکەنە قوربانی فەرهەنگی ئەو وولاتەو گۆرینەکەشی بسپێرن بە پرۆسیەکی چەند سەد ساڵە، یان دەلێن هەر میللەت و وولاتە دەبێ بە پێی کلتووری خۆی حسابی بۆ بکرێ. دەبێ کێشەی نەتەوە چارەسەر بکرێت ئینجا وەختی کێشەی ژنان دێت.

. پاساو ئەهیننەوە بۆ کوشتن وزیندانیکردن و بەردەبارانکردن وئەشکە نجەدانی ژنان ودواتریش تاوانەکەی ئەدەنە ملی ئینسانەکانی کۆمەڵگە کە بەهەزارو یەك دەزگای سەرکوتگەرو مەلاو مزگەوت

وپاسەوان خەریکن ئەم تراژیدیایانە بە سەر کۆمەلگا وئینسانەکاندا ئەسەپێنن. سەدو یەك بەهانەی پووچی تری لەم بابەتە کەئاما نجەکەی لە دوالێکدانەوەدا دەکاتە هێشتنەوەی تراژیدیای ئێستای ژیانی ژنان لەم وولاتانەدا. تازە ئەم دەردە بەشیکی زۆر لە رۆشنفکران وچە پی ئەورپا وغەربیشی گرتۆتەوە.

لە دووا قسەمدا ئەمەویت بلێم کە تیروانین بۆ مەسەلەی ژن و ئازادی ژن تەعبیرە لە تێروانینێکی فراوانتر بۆ سەرجەم مەسەلە و بابەتەکانی جیهانی ئەمرۆ، وە پیچەوانەکەشی راستە، باشتر بلیم تیروانین بۆ مەسەلەی ژن لە نیو تیروانینیکی فراوانتردا بۆ ئازادی، یەکسانی،مۆدێرنیزم،مافەکانی تاك وکۆی هەموو ئینسانەکانی کۆمەلگا خۆی دەبینیتەوە. کەسیك کە شەخسیەت ومافی ئەمرۆیی بۆ مندالان قایل نەبیت، کەسیك کە دیفاع لە ئازادی بێ قەید و شەرتی بەیان و عەقیدە وبیروباوە نەکات، بۆ خودی پیاوان ئازادی و ماف قایل نەبیت، کەسیك ئینسان نەخاتە پیش سیاسەت و ئایدۆلۆژیاو مەنفەعەتی سیاسیەوە.کەسێك بەناوی پووچی خواو نیشتیمان وخاك و وولات و کەلتوور و میللەتەوە بیر لە ئینسان بکاتەوە و بەم دیدانەوە ئینسان پیناسە بکات،ناتوانی بە مانای تەواوی ووشەکە دیفاع لە ئازادی و بەرابەری ژن و پیاو بکات. مافەکانی ژنان مافی جیهانی ئینسانن، لەقالبدانی لەنێو ئەو سنوورانەی سەرەوەدا خالیکردنەوەیەتی لە ناوەرۆکە ئینسانیەکەی.

٢٠٠٥/٢/١٢